ئۆقافی سلێمانی: لە ڕێی پرۆژەیبانگبێژی شارەوە بانگدانی سەرجەم مزگەوتەکان یەکدەخرێن

بەڕێوەبەرایەتی ئۆقافی سلێمانی دەیەوێت لە ڕێی پرۆژەیەکەوە بانگی سەرجەم مزگەوتەکانی شاری سلێمانی یەکبخات.

ئەمڕۆ چوارشەممە ٩ـی نیسانی ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتی ئۆقافی سلێمانی لە ڕاگەیەنراوەکدا باویکردووە، لە ڕێی پرۆژەیبانگبێژی شارەوە بانگدانی سەرجەم مزگەوتەکانی سلێمانی یەکدەخرێن.

باسی لەوەشکرد، پێشبینیەک بە ئەو کەسانە دەکەنەوە کە دەنگیان بە بانگدان خۆش و ئارەزوی بانگدان دەکەن، لە پاشاندا لە ڕێی لیژنەیەکەوە هەڵسەنگاندنیان بە دەکەن ئەو کەسەی دەیباتەوە دەنگی بە بانگدان لە شاری سلیمانی بکاردەهێندرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، دوا وادە بە تەمارکردنی ناو لە پێشبینکە ڕۆژی ١٤ـی ئەم مانگەیە و لە دوای ئەو ڕۆژەوە هیچ ناوێک تەمار ناکرێت.

ئەوەش دوای ئەوە دێت، لە ماوەی ڕابردوودا بەشێکی هاووڵاتیان داوایان کردبوو دەنگی بەندگەکان و توانا و دەنگی بانگبێژەکان بە بانگدان ڕەکبخاتەوە.